https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# لادانی زمانی لە نوکتەی کوردیدا
# نوکتەکانی "نوکتەی شاخ" بە نموونە

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق

زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب

Qais.kakl@soran.edu..iq

م. ی. هێرش چەتۆ حوسێن

پەروەردەی پشدەر

hersh.chato@ymail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (لادانی زمانی لە نوکتەی کوردیدا، نوکتەکانی "نوکتەی شاخ" بە نموونە)، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی نوکتە؛ هەر لە ناساندن و شیکردنەوەی ڕۆنانی نوکتەکە، تا بەدیارخستنی هۆکاری ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر وەرگری بەجێدەهێڵێت. ئەمیش بەهۆی بنەمای چڕکردنەوە لە پێکهێنانی وشە ئاوێتەکان و دەستکاریکردن لە وشە و دەنگەکان و ڕیزکردنێکی جیاواز بۆ پێکهاتەکانی ڕستەکە. هەروەها توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەی کردووە، کە تایبەتمەندییەکی سەرەکیی نوکتە بریتییە لە لادان و دەرچوون لە بنەما باوەکان، جا لادانی لۆژیکی بێت یان لادانی زمانی. ئەم توێژینەوە تەنیا لادانە زمانییەکانی بە بەرچاو گرتووە و لێیکۆڵیوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بنەماکانی هاریکاری و تیۆری گرایس کراوە بە پێوەر بۆ ئەوەی ڕێژەی لادان و چۆنیەتیی لادانە زمانییەکانی پێ بخەینەڕوو، لە ڕێگەی بنەمای دوو لایەنە لە بەکارهێنانی مانای پیتی و مەجازی و یاریکردن بە وشەکان. سنووری توێژینەوەکە سوودی لەو نوکتانە وەرگرتووە، کە هەڵقوڵاوی ناو کلتوور و کۆمەڵەی کوردین؛ واتە لە نوکتەکانمان نوکتەکانی (ڕشتەی مروای و نوکتەی شاخ و گەپنامەی مێرگوڵان) وەرگرتووە، بۆ سەلماندنی لادانە زمانییەکان.

وشە کلیلییەکان: نوکتە، ڕۆنان، لادانی زمانی.

**لادانی زمانی لە نوکتەی کوردیدا**

**نوکتەکانی "نوکتەی شاخ" بە نموونە**

**٠)پێشەکی:**

**٠-١) ناونیشانی توێژینەوە**

بریتییە لە (لادانی زمانی لە نوکتەی کوردیدا، نوکتەکانی "نوکتەی شاخ" بە نموونە)، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی هەندێک نوکتەی کوردی؛ کە لە ڕێگەی لادانی زمانییەوە دروستدەبن.

**٠-٢) گرنگیی توێژینەوەکە**

دەکرێت ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوانەی لە بواری کاریکاتێر و تەنز دەنووسن، چونکە دەبێتە بەرچاوڕوونییەک بۆ دەستنیشانکردنی هێز و سیحری نوکتەکە بۆیان. لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە بارەی پراگماتیک و شیکردنەوەی دەق کاردەکەن دەبێتە سەرچاوەیەک لە لایەنی تیۆری و لە لایەنی پراکتیکی سوودی لێدەبینن.

**٠-٣) ڕێبازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی و شیکاری) بەکارهێنراوە، لە چوارچێوەی ئەو نوکتانەی کە لادانی زمانییان تێدایە و بۆ بەشی پراکتیکیش پشت بە ڕێبازی (ئاماری) بەستراوە، بۆ ئەوەی ئەنجامی داتاکان لە ڕێگەی پرۆگرامی (Excel) شیبکرێنەوە و بخرێنەڕوو.

**٠-٤) کەرەستەی خاوی توێژینەوەکە**

کەرەستەی خاوی توێژینەوەکە بریتییە لەو نوکتانەی کە لە سەردەمی شاخدا ڕوویانداوە، و لە چوارچێوەی دووبەرگدا؛ بەرگی یەکەم و دووەم، کە لە ساڵی ٢٠١٢زایینیدا بە ناوی (نوکتەی شاخ) چاپکراوە؛ کە تایبەتن بە سەردەمی پێشمەرگایەتی بۆ لادانی بنەماکانی هاریکاری وەرگیراوە و ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو، بەڵام لەبەر دەرنەچوون لە چوارچێوەی قەبارەی توێژینەوەکە نەمانتوانیوە یەکە یەکە نوکتەکان بخەینەڕوو. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لایەنی تیۆریی بابەتەکەمان، سوودمان لەو کتێبانەی کە نوکتەی کوردییان کۆکردۆتەوە، وەرگرتووە، وەک: کتێبەکانی (ڕشتەی مرواری، نوکتەی شاخ و گەپنامەی مێرگولان). ویستوومانە توێژینەوەکە دووربێت لە نوکتە جیهانییەکان و ناوچەییەکان و مۆرکی ڕەسەنایەتیی بەرهەمهێنانی مێنتاڵیەت و زمانی کوردی بێت.

**٠-٥) پرسیاری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە، وەک؛ ڕۆنانی نوکتە چۆنە؟ ئایا لادانە زمانییەکانن کە نوکتە دروستدەکەن؟ کام جۆری لادان بە شێوەیەکی فراوانتر لە نوکتەدا زاڵە و بەکاردێت؟

**٠-٦) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم باس لەمانە دەکات؛ چەمک و زاراوەی نوکتە، پێناسەی نوکتە، ڕۆنانی نوکتە؛ ڕۆنانی نوکتە لای فرۆید و ڕۆنانی نوکتە لای ئەرسەر برگەر، جۆرەکانی نوکتە؛ پۆلێنی نوکتە لەڕووی مەبەستەوە و پۆلێنی نوکتە لەڕووی پەیامەوە. بەشی دووەم باس لەمانە دەکات: لادان و

پێناسەی لادان، جۆرەکانی لادان لە نوکتەی کوردیدا؛ لادانی دەنگی و لادانی وشەیی و لادانی ڕێزمانی و لادانی واتایی، لادان لە بنەماکانی هاریکاری، ئامار و لادانی بنەماکان لە نوکتەکانی (نوکتەی شاخ)دا، لە کۆتاییشدا پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**١-١) چەمک و زاراوەی نوکتە**

نوکتە جۆرێکە لە جۆرەکانی گاڵتەوگەپ و لە هەموو جۆرەکانی دیکەی گاڵتەوگەپ زیاتر بەکاردێت، هەروەها لە کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا لە پەنای دەربڕینی خۆشی بۆ دەربڕینی مەبەستێک بەکاردێت. زاراوەی نوکتە لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی و بۆتە وشەیەکی کوردی، لە فەرهەنگە کوردییەکانیشدا واتاکەی بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە:

١- فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە: نوکتە، حەنەک، قسەی پێکەنین. (هەژار موکریانی: ١٩٩٠: ٨٧٥).

٢- فەرهەنگی کوردستان: گاڵتە، گەپ. (گیو موکریانی: ١٩٩٩: ٨٠٦).

٣- فەرهەنگی خاڵ: گاڵتە، وتن یان کردنی شتێک بۆ پێکەنین. (شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٥: ٣٩٢).

٤- فەرهەنگی شێخانی: گاڵتە، گەپ، جەفەنگ، قەشمەری، گەنجفە. (عەبدولوەهاب شێخانی: ٢٠٠٩: ٤٤٩).

٥- فەرهەنگی مەردۆخ: نوکتە؛ نوختە، تیکە، (پەڵەی زۆر بچووکی قەڵەم لەسەر کاغەز، قسەی کورتی خۆش). گاڵتە: گەپ، گەمە، شۆخی، جەفەنگ. (محەمەد مەردۆخی: ٢٠٠٩: ٤١١- ٦٨٠)

به شێوەیەکی گشتی زاراوەکانی (نوکتە، نەقڵ، پێخەن) بەکاردێن، بەڵام لەڕووی یاساکانی مۆرفۆلۆجییەوە دەکرێت (پێکەن) لە (پێخەن) لەبارتربێت، چونکە لە ڕەگی چاوگی (پێکەنین) وەرگیراوە. لە ڕاستیدا زاراوەی نوکتە لە هەموو زاراوەکانی دیکە زیاتر لەناو خەڵکی و لە نووسین و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت. نالی شاعیریش لە سەدەی نۆزدەدا زاراوەی نوکتەی بەکارهێناوە:

نوکتێکی ظەریفە بە نەصیبی ظورەفا بێ تەعریفی دەکەم، بەڵکو لەبۆ دەرد شیفا بێ(دیوانی نالی: ١٩٨٥: ٦٠٧).

زاراوەی نوکتە لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە[١] و لە فۆڕمی (النكتە)ەوە وەرگیراوە، کە بەرانبەر بە ((kidding و joke) ی زمانی ئینگلیزی بەکارهاتووە)). (شەفیق قەزاز: ٢٠٠٠: ٤٦٩). لە ئەوروپاش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەمکی نوکتە فۆڕمی (witz)ی بۆ بەکارهاتووە و لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیش واتای (شتێک لە هێزی بیرکردنەوە، زیرەکی، ئەقڵی مرۆڤی ساغ)ی گەیاندووە، بەڵام لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا، بە کاریگەریی ئەدەبی فەڕەنسی واتاکەی تەسکبۆتەوە بۆ (witzig) واتا ئەوەی نزیک بێت لە قسەی خۆش یان ئاماژەیەکی تایبەت دەکات بۆ وەڵامێکی بێ پێچ و پەنا یان مانایەکی دیکە بەدوای خۆیدا ڕاکێشێت یان بیرتیژی، بەڵام لەگەڵ سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەسەر بەکارهێنانی ئەوەی جۆرێکی دیاریکراوە لە دەق جێگیربوو. (بوعلی یاسین: ١٩٩٦: ٣٩)[٢]

**١-٢) پێناسەی نوکتە**

(فرۆید) بەم شێوەیە پێناسەی نوکتە دەکات؛ نوکتە وەکو ئامرازێکی یان هۆکارێکی دەروونی بە ڕووبەڕووی ئەو گوشارانە دەبێتەوە کە لە خودی جیهانی دەرەکییەوە پەیدادەبن، کە کار لەسەر گۆڕینی حاڵەتی ناخۆش و تەنگەبەر بۆ حاڵەتی هەستبەخۆشیکردنێکی تایبەت دەکات.

(شاکر عبدالحمید: ٢٠٠٣: ٣٨٨). (شاکر عبدالحمید) لە پێناسەی نوکتەدا دەڵێت؛ نوکتە دەربڕینێکی زارەکیی خۆویستییە، کە مەبەستی ئەوەیە لە پشت ڕووداوەکانەوە کاریگەرییەکی دڵڕفێن لە لای گوێگر دروستبکات. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٣٨٧) لە پێناسەیەکی دیکەدا بۆ نوکتە (سعد رفعت) دەڵێت؛ نوکتە هەڵوێست و بار و میزاجێکە هەروەک چۆن هونەر و داهێنانیشە، هەروەها ئاه هاتنەوە بەرێکیشە، گرینگیش نییە نوکتە لەڕووی جوانییەوە سەرنجڕاکێش بێت؛ بەڵکو دەشێ جوانیی نوکتە لە بێ ڕوویی و ناقۆڵی و سەرزەنشتکردنەوە بێت. (سعد رفعت: ٢٠٠٩: ٨)

(شوپنهاور)یش بەم شێوەیە پێناسەی نوکتە دەکات؛ هەوڵدانێکە بۆ وروژاندنی پێکەنین لەسەر شێوەیەکی مەبەستدار، لەمیانەی دروستکردنی جیاوازی لە نێوان بیروبۆچوونی خەڵک و واقعێکی پەیپێبراو، لە ڕێگەی لەپڕ گۆڕینی ئەو بۆچوونانە، لە هەمانکاتدا پرۆسەی دروستکردنی واقعێکی (جددی) بە بەردەوامی دەمێنێتەوە. (شاکر عبدالحمید: ٢٠٠٣: ٣٨٨) دیارترین پێناسە ئەوەیە کە (کانت) دەڵێت؛ ((نوکتە حاڵەتێکە لە پێشبینییەکی بەهێز، کە لەپڕ نامێنێ و دەبێتەوە هیچ)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە) واتە نوکتە لە لای (کانت) چالاکییەکی بیرکردنەوەیە کە ناگاتە ئامانجی خۆی، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە نوکتەیەک دەگوترێت و لەناکاو ئاڕاستەی قسەکان لە ڕێگایەکەوە بۆ ڕێگای دیکە دەگۆڕێت، ئەمەش جۆرێکە لە یاریکردن بە ئەقڵی بیر و بۆچوونەکان. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە) لەم پێناسانەی بۆ نوکتە خرانەڕوو، دوو بنەمای جیاواز بەدی دەکرێن، کە (فرۆید و شاکر عبدالحمید و سعد رفعت) لە ڕوانگەی دەروونییەوە تەماشای نوکتەیان کردووە، بەوەی کە زۆر جەختیان لەسەر پێکەنین و کاریگەرییەکانی لەسەر گوێگر کردۆتەوە، واتە نوکتە چالاکییەکە بۆ ئاسوودەیی دەروونیی مرۆڤ و شادی و پێکەنین خستنەسەر لێوەکانی گوێگرە، هەرچەندە (سعت رفعت) لەڕووی هونەریشەوە ڕوانیویەتە نوکتە، بەوەی

باس لە جوانیی نوکتە دەکات، ئەوەی بە لای ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە، پێناسەکانی (شۆپنهاوەر و کانت)ە، کە لەڕووی زمانەوانی و بە تایبەتی لە گۆشەنیگای لادانەوە سەیری نوکتەیان کردووە، چونکە چەند ڕەگەزێکی هاوبەش وەک (پێشبینییەکی بەهێز، گۆڕین، مەبەست) لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەم ڕەگەزانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە تیۆرەکەی گرایسدا ڕەنگدەدەنەوە و لە بنەڕەتیشدا ئەمانە بناغەیەکن بۆ لادان لە بنەمای هاریکاری. لە پێناسەی کانتەوە ئەوە بەدیاردەکەوێت، کە ئاخێوەر لە سەرەتا چاوەڕوانی پێشبینییەک دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم پێشبینییە دەپوکێتەوە و وەڵامێکی چاوەڕواننەکراو لە گوێگرەوە وەردەگرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ((گۆڕان لە پێشبینییەکی زۆرەوە بۆ هیچ، کە خاوبوونەوەی دڵەڕاوکێی جەستەیی لەگەڵدا دەبێت و بۆخۆی دەبێتە هۆی خۆشییەکی لەناکاو و پێکەنین)). (١٤٩: ٢٠٠٢: Roeckelein)، واتە لادان لە بنەمای هاریکاری لە ڕەگەزەکانی وەک (پێشبینییەکی بەهێز و وەڵامێکی چاوەڕواننەکراو) دەبێتە هۆی چێژی پێکەنین. کەواتە نوکتە بریتییە لە چەند ڕستەیەک، کە بەزۆری لە دەربڕینە دژ بەیەکەکان لە ڕووداوەکان و نەهاتنەدی پێشبینییەکان دێتەدی، لەپێناو دروستکردنی و وروژاندنی پێکەنین و بەدیهێنانی مەبەستەکان.

### ١-٣) ڕۆنانی نوکتە

زۆر شیکاریی تایبەتی بۆ بنچینە و پێکهاتەی نوکتە کراون، بە مەبەستی زانینی ئەوەی کە چ شتێک وا لە نوکتە دەکات چێژی پێکەنین یان مەبەستێک ببەخشێت؟ لێرەدا چەند بۆچوونێک بە کورتی لەبارەی ڕۆنانی نوکتە دەخرێنەڕوو.

### ١-٣-١) ڕۆنانی نوکتە لای فرۆید

فرۆید پێیوایە ڕۆنانی نوکتە لەم بنەمایانە پێکدێت:

١- بنەمای چڕکردنەوە: ئەمیش لەمیانەی دوو خاڵەوە دەبێت:

ا- پێکهێنانی وشە ئاوێتەکان، وەک؛ کاتێک لە دوو وشەی سەربەخۆ چەند فۆنیمێکیان تێکەڵ بەیەکتری دەکرێن و وشەیەکی تازەیان لێ دروستدەکەن، وەک: ((کابرایەکی کورد میوانی ماڵێک بوو، شەو لە دوای نانخواردن بە خانە خوێیەکەی وت دەمم تاڵە، ئەگەر هەیە شیرینییەکم بۆ پەیداکە. خانە خوێیەکە وتی: خورمامان هەیە و مێوژیشمان هەیە، کامیان ئارەزوو دەکەیت بۆت بێنم؟ کابراش وتی: ((خورمژ)). (عەلادین سوجادی ب(١):٢٠٠٧:٣١) لێرەدا لە وشەکانی (خورما و مێوژ)، وشەی ئاوێتەی (خورمژ)ی لێ دروستبووە.

ب- دەستکاریکردن وەک لە وشە و دەنگەکان؛ واتە کاتێک دەستکاری دەنگ و وشەکان دەکرێت، وەک؛ لەجیاتی بڵێت (کریستۆڤ کۆلۆمبۆس) لە ڕێگەی دەستکاریکردنی دەنگ و وشەکان بڵێیت (کەریم کۆڵەواری پاس). یان لەجیاتی بڵێیت (ئەنتەرناشناڵ) بڵێیت (عەنتەرناش).

٢- بنەمای فرە بەکارهێنانی هەمان کەرەسەی نوکتەکە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی:

ا- هەموو کەرەستەکە یان بەشێکی.

ب- لە ڕێگەی شێوازی ڕیزکردنێکی جیاواز بۆ پێکهاتەکانی.

ج- لە ڕێگەی هەمان وشەی، کە هەندێکجار مانایان تێدایە یان هەندێکجار بێ مانان.

وەک؛ ((لە ڕێی قادرکەرەم پۆلێ پێشمەرگە بە سەرپەرشتی شێخ کەریم بۆسەیەک دائەنێن، ڕەفیق حزبییەک دەستگیر دەکەن بەناوی (شەفیق ئەحمەد)ە شەل، کە بە گۆچان دەڕۆیشت. دوای ئەوەی زۆر لە

پێشمەرگەکان دەپارێتەوە. ئەوانیش ئازادی دەکەن. پێشمەرگەیەک دەڵێت: ڕاکە ئەگەر نا یەک فیشەک ئەنێمە تەوقی سەرتەوە. ئەویش لە تاوان بە شەلەشەل ڕائەکا. لەبەر خۆیەوە بەدەم ڕاکردنەوە دەیوت: بەخوا من ڕەفیق حیزبی نیم. شەفیق حیزبیم. ئەیویست بڵێ شەفیق ئەحمەدم)). (ئازاد سابیر(ب١):٢٠١٢:٣٠) لێرەدا لەجیاتی بڵێت: شەفیق ئەحمەدم، دەڵێت؛ شەفیق حیزبیم و کەرەسەکان بە شێوەیەکی جیاوازتر لە شێوەی ئاسایی ڕیزبوونە، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی بنەمای نوکتەکە.

**٣- بنەمای مانای دوولایەنە، وەک:**

ا- بەکارهێنانی مانایەک بۆ ناوی کەسێک یان ناوی شتێک.

ب- مانای مەجازی و پیتی.

ج- یاریکردن بە وشەکان. (شاکر عبدالحمید:٢٠٠٣:١٣٢- ١٣٣) واتە کاتێک لە گوتنێکدا ناوی کەسێک جگە لە واتا پیتییەکەی واتایەکی مەجازی هەبێت و ببێتە هۆی یاریکردن بە وشەکە، وەک؛ ((شێخ ڕەزای تاڵەبانی سواری ئێسترێک دەبێت و دەچێت بۆ کۆیە، ئەبێ بە میوانی ئەمین ئاغای کۆیە. پیاوەکەی ئەمیناغا دێت ئێسترەکەی لێوەربگرێت. لەو وەختەدا ئێستر لەقەیەک دەهاوێژێت، کابرا دەسڵەمێتەوە. شێخ ڕەزا پێیدەڵێت؛ (مەترسە ئەمینە). وا ئەمیناغاش ڕاوەستاوە و گورج هەڵدەداتێ و دەڵێت: (بەڵێ ئەگەر بیشیگێێت ڕەزایە))). ( عەلادین سوجادی (ب١): ٢٠٠٧:١٦٣) لێرەدا ناوی (ئەمین) جگە لەوەی ناوی کەسێکە؛ مانای (دڵنیابوون)یشی هەیە، هەروەها ناوی (ڕەزا)ش جگە لەوەی ناوی کەسێکە؛ مانای (ڕازیبوون) دەدات. بۆیە ناوەکانی (ئەمین و ڕەزا) هەم ناوی کەسن؛ هەمیش لە ڕێگەی یاریکردن پێیانەوە مانایەکی دیکەشیان دەبێت، ئەمەش دەرئەنجام دەبێتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی نوکتەکە.

### ١-٣-٢) ڕۆنانی نوکتە لای ئەرسەربرگەر (Arthur Berger)

(ئەرسەربرگەر) ڕۆنانی نوکتە لە سێ بنەما دەخاتەڕوو:

١- یەکە بنچینەییەکانی نوکتە گێڕانەوە: ئەو توخمە بچووکانەی نوکتەن، وەک: کردارەکان، کە تاکە کەسەکان بەکاریانهێناوە یان ئەو شتانەی کە دەگوترێن.

٢- پەیوەندییەکان: نوکتە لەمیانەی پەیوەندییە تاکەکەسییەکان دروستدەبێت یان دروستکردنی ئاماژە بە ئەزموونی گوێگرەکان و پەیوەندییان لەگەڵ ئەوانی دیکە.

٣- پێکەنین: وەڵامدانەوەکەیە کە لە گوتنی نوکتەکەدایە و هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکان کە لەناکاو و چاوەڕواننەکراون دەگۆڕدرێن بەهۆی وتەی مەبەستەکە. (Berger:١٩٩٣: ٨٥)

((کابرایەکی خۆشناو لە سلێمانییەوە ئەیەوێت بە تەلەفۆن پەیوەندی بە خزمێکییەوە لە بەغدا بکات. پەیوەندی ڕاستەوخۆ نابێت و هێڵگۆڕ (بدالة) وەردەگرێت. فەرمانبەری سەرهێڵگۆڕەکە دەڵێت: فەرموو، ئەویش دەڵێت: بەغدایەکم بدەیە. فەرمانبەرەکەش قسەخۆش دەبێت و دەڵێت: کاکە کیس یان مقەببا؟)). (ڕەسوڵ دەرویش:٢٠٠٩:٤٠) لە ڕوانگەی (برگەر)ەوە، ڕۆنانی ئەم نوکتەیە، بەم شێوەیە دەبێت:-

ا- کردارەکان، یان ئەو شتانەی دەگوترێن:

١- کابرایەکی خۆشناو لە سلێمانییەوە ئەیەوێت بە تەلەفۆن پەیوەندی بکات.

٢- پەیوەندی ڕاستەوخۆ نابێت و هێڵگۆڕ (بدالة) وەردەگرێت.

٣- فەرمانبەری سەرهێڵگۆڕەکە دەڵێت: فەرمو.

٤- ئەویش دەڵێت: بەغدایەکم بدەیە. (یەکە بنچینییەکانی نوکتە گێڕانەوە).

ب- پەیوەندییەکان: پەیوەندیکردن دروستدەبێت لە نێوان کابرایەکی خۆشناو و فەرمانبەری سەر هێڵگۆڕەکە.

ج- پێکەنین: پێکەنین لە وتەی مەبەست دایە (کاکە کیس یان مقەببا).

**٤-١) جۆرەکانی نوکتە**

نوکتە بەپێی مەبەست و پەیام چەند ناوەڕۆکێکی جیاواز لەخۆ- دەگرێت، کە هەر یەک لەو ناوەڕۆکانە لەپاڵ پێکەنین پەیامێک یان مەبەستێکی تایبەتی خۆیان هەیە. (بوعەلی یاسین) بەپێی مەبەست جۆرەکانی نوکتەی بەم شێوەیە پۆلێنکردووە:

١- نوکتەی گاڵتەپێکردن: ئەو نوکتانە دەگرێتەوە، کە پاڵنەرەکانی گاڵتەپێکردنە (پێڕابواردنە)ە، ئامانجەکەشی بۆ کاتبەسەربردن و ئارامکردنەوەی دڵ و دەروونە، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین هیچ شتێکیش نییە ڕێ لەو نوکتەیە بگرێت، جگە لە ئاستی کلتووری و ڕۆشنبیریی ئەو ناوەندەی، کە نوکتەکەی تێیدا دەگێڕدرێتەوە.

٢- نوکتەی پەروەردەیی: لەم جۆرەدا نوکتە پەیامەکەی چوارچێوەدار دەکرێت بە تێگەیشتنێکی پەروەردەییانە لەو ناوەندەی کە بەو نوکتەیەوە پەیوەندیدارە.

٣- نوکتەی دەمارگیری (دەستەگەری): ئەو نوکتانە دەگرێتەوە کە پەیامەکەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی بۆ دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دژی دەستەیەکی دیکە لەو کۆمەڵەیەدا بنیاتدەنرێت.

٤- نوکتەی باری هەنووکەیی (عرض حالیة): لەم جۆرەدا نوکتە پەیام و ئامانجەکەی ڕزگاربوونە لە پاڵەپەستۆکانی ژیان (ئابووری، سیاسی... هتد)، ئەم جۆرە نوکتەیە بەپێی گوزارشتکردن لەو ناوەندەی، کە تێیدا دەخرێتەڕوو قبوڵ دەکرێت یان پەسەند دەکرێت.

٥- نوکتەی سێکسی: لەم جۆرەدا نوکتە پەیامەکەی بۆ مەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو پێویستە بنەڕەتییانەی کە تێرنەکراون دەگێڕدرێنەوە، ئەم جۆرە نوکتەیە بەپێی تێگەیشتن و ڕەوشت و ئاستە ڕۆشنبیرییەکەی، لەو ناوەندەی کە تێیدا گوزارشتی لێدەکرێت و دەگێڕدرێتەوە، پەسەنددەکرێت.

٦- نوکتەکانی پەیوەست بە مردن و چارەنووس و باوەڕبوون: لەم جۆرەدا نوکتە پەیامەکەی پاڵنەرەکانی ترس و ئومێدن، ئامانجەکانیشی لەبیرکردن و قبوڵکردنی ئەو شتەی کە هەر دەبێت ببێت. (بوعەلی یاسین: ١٩٩٦: ٤٩)

لە پۆلێنێکی دیکەی نوکتە، (فرۆید) نوکتەی بۆ دوو جۆری سەرەکی دیاریکردووە:-

١- نوکتەی زمانی (وشەیی) verbal joke: لەم جۆرەدا پەیامی نوکتە لەسەر بنەمای پرۆسەی چڕکردنەوە، هاوکات لەگەڵ دروستکردنی جێگرەوەیەک ڕۆڵێکی سەرەکی لە نوکتەی زمانی دەگێڕن، دروستدەبێت. هەروەها لەم جۆرەدا پەیامەکان لەسەر بنەمای توانجپۆشی و یاریکردن بە وشەکان بنیاتدەنێرن. ((جارێک سەید ئەحمەدی خانەقا لە مەلای کۆیە دەپرسێت: مامۆستا دەغڵ و دانی لای ئێوە چۆنە؟. مەلاش دەڵێت: جەنابی سەید، دەغڵ لای ئێمە هەیە و دان لەلای ئێوە)). (عەلادین سوجادی(ب١): ٢٠٠٧: ٣٢) لەم نوکتەیەدا لە ڕێگەی گەمەکردن بە وشەی (دان) نوکتەکە بنیاتنراوە، کە (دان)ی یەکەم واتە گەنم، (دان)ی دووەم واتە لایەنی

سێکسی دەگرێتەوە. واتە؛ گەمەکە زیاتر گەمەیەکی زمانییە (وشەییە)، نەک هزری (واتایی).

٢- نوکتەی هزری (واتایی) conceptual joke: لەم جۆرەدا پەیامی نوکتە لەسەر بنەمای تەکنیکی گۆڕین و لادان بنیاتدەنرێت. ئەم تەکنیکانەش بە هەمان شێوە لە خەوندا ڕوودەداتەوە. (شاکر عبد العمید: ٢٠٠٣: ١٣٥) واتە لەم جۆرە نوکتەیەدا بۆچوونەکان (مەبەستەکان) دژبەیەک دەوەستنەوە، چونکە ئاخێوەر لە سەرەتا پێشبینییەک دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا بەرەو ڕووی وەڵامێکی چاوەڕنەکراو دەبێتەوە. کە ئەمەش بەزۆری دەبێتە هۆی لادان.

((کابرایەک هەبوو گۆزەیەکی دانابوو، هەر کەسێک کە دەمرد بەردێکی دەخستە گۆزەکەوە، لە ئاخری ساڵدا دەیبژارد تا بزانێ ئەو ساڵە چەند کەس مردوون. دۆستێکی هەبوو ڕۆژێک بۆ لای هات، سەیریکرد کابرا دیارنییە، لە دراوسێی دووکانەکەی پرسی: ئەرێ فڵان کەس چی لێهات؟ ئەویش گوتی: چووە گۆزەکەوە)). ((عەلادین سوجادی(ب١): ٢٠٠٧: ٣٢-٣٣) دەبینین ئەم نوکتەیە میتافۆڕی دروستکردووە، چونکە مرۆڤ ناچێتە ناو گۆزەوە، بەڵام لێرەدا مەبەستێکی دیکە لە واتای پیتی هەڵدەهێنجرێت، ئەویش ئەوەیە کە (کابرا مردووە)، خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ گوترابا (کابرا مرد)، ئەوا ئەو نوکتەیە ئەو تام و چێژ و کاریگەرییەی نەدەبوو، بۆیە کاریگەرییەکەی لەوەدایە کە دەڵێت (چووە گۆزەکەوە). واتە؛ نوکتەکە گەمەیەکی واتاییە نەک گەمەیەکی وشەیی.

پۆلێنێکی دیکە بۆ نوکتە لە ڕووی پەیامەوەیە، کە چەند ناوەڕۆکێکی جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک:

١- نوکتەی سیاسی: ئەو نوکتەیەیە کە لەسەر حکومەت و ڕەمزەکانی حکومەت، لە پیاوەکانی و دامەزراوەکانی دروستدەکرێت، بە تایبەت لەو

کاتانەی کە دەکەونە چەوساندنەوەی میللەتەکەیان، مەبەستەکەشی هێنانەوە سەرخەتی جەماوەری ئەو حکومەت و کەس و دامەزراوانەیە، ئەگەریش زانرا چاکنابن و خەڵک لێیان بێئومێد بووە، ئیتر نوکتەکان توندتر دەبن و زۆر خراپ ناشیرینیان دەکەن و دەیانکەنە جێی گاڵتە- جارییەکی گەورە، کە بەمە وردەوردە لە لای جەماوەر کەسایەتی و پێگەی ئەو حکومەتە و ئایدۆلۆژیا و ڕەمزەکانی لەق دەبێت و سەرەنجام ئەگەر حکومەتەکە بە ڕواڵەت بشمێنێ، بەڵام چ بنەماییەکی جەماوەری نامێنێت، بۆیە لە زووترین کاتدا، هەر قەیرانێکی تووش بێت، کەس نابێت بەرگری لێبکات و ڕووخانی ئاسان و نزیکدەبێت. نوکتەی سیاسی زۆر بە خێرایی بڵاودەبێتەوە، چونکە بە پێکەنینێکی خۆش، جەماوەر لە شتێک وشیار دەکەنەوە، ڕاستییەکانیان تێدەگەیێنن، کە بە دەستییەوە گیرۆدەنە و بەهۆیەوە دەناڵێنن، لە ڕووی دەروونیشەوە هێور دەبنەوە، بۆیە چێژ لە نوکتەکە وەردەگرن و بە خێرایی دەبنە هۆکارێکی باش بۆ بڵاوکردنەوەی. (ئیدریس عەبدوڵلا: ٢٠١٤: ٢٠٥- ٢٠٦)

٢- نوکتەی کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرە نوکتەیە ئاڕاستەی بوارە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، خزمەت بە بەها ژیاری و مرۆڤایەتییەکان دەکات، بە ناشیرینکردنی هەموو ئەو دژە بەهایانەی ژیانیان ناخۆشکردووە و جوانییەکانی کۆمەڵیان خستۆتە مەترسییەوە. وەک: خستنەڕووی ڕەزیلی و دەستبڵاویی مرۆڤ و زیادە مەسرەفی تاک لە کۆمەڵدا، یاخود خستنەڕووی (تەماحکاری) و چاولێکەری و درۆکردن و گەمژەیی و نەزانی و ... هتد. (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٧)

٣- نوکتەی ئاینی: ئەو جۆرە نوکتەیە بۆ بەرگریکردن لە پیرۆزییەکانی ئاین و شکاندنی نەیارانی بەکاردەهێنرێت. ( هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢١٢) هەروەها زۆرجار لەم جۆرە نوکتەیەدا هێرش دەکرێتە سەر ئەوانەی، کە ئاین بۆ بەرگریکردن لە

بەرژەوەندییەکانیان بەکاردەهێنن، یاخود زۆرجار لەم نوکتەیەدا ناکۆکیی ئاینی بەئاشکرا بەرچاودەکەوێت.

٤- نوکتەی نەتەوەیی: لەم جۆرەدا نوکتە تایبەت دەبێت بە بەرگریکردن لە نیشتیمان و هەستی نەتەوایەتی، هەروەها دەبێتە هۆی جۆشدانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە بۆ ئەو هەستە نیشتیمانپەروەرییە. زۆرجار ئەم جۆرە نوکتەیە لە قالّبی ناوەخۆ دەردەچێت و نەتەوەکان وەک چەکێک دژی نەتەوەکەی بەرانبەریان بەکاردێنن. هەروەها هەندێکجار زیادەڕۆیی لەم جۆرەدا دەکرێت و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەمارگیریی نەتەوەیی.

بە شێوەیەکی گشتی پەیامەکان کە چەند ناوەڕۆکێکی جیاواز لەخۆدەگرن بەزۆری تێکەڵ بەیەکتری دەبن و دەکرێت لە نوکتەیەکدا ناوەرۆکەکەی سیاسی یان کۆمەلایەتی و سێکسی یان ئاینی و سێکسی یا ... هتد، دەبێت. هەروەها لەو پۆلێنانەی بۆ جۆرەکانی نوکتە خرانەڕوو، تەنها پۆلێنەکەی فرۆید بۆ جۆرەکانی نوکتە پۆلێنێکی زمانەوانییە و ئەوانەی دیکە لە ڕوانگەی بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی ئادەمیزادەوەیە.

**٢-١) لادان و پێناسەی لادان**

سەبارەت بەلادان لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی هەندێک لێکۆڵینەوەی (ئەکادیمی)[٤] کراوە، هەروەها سەبارەت بە (زاراوەی لادان)[٥] زۆر لێکدانەوە لەبارەیەوە خراونەتەڕوو، بۆیە ئێمە لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە، بەلام بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی لادان ڕۆیشتووە و جێگیر بووە، هەروەها سەبارەت بە ناساندنی لادان زۆر پێناسە خراونەتەڕوو و هەریەکە و لە لایەنێکەوە بۆ لادان چووە، بەلام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لادان بریتییە لەوەی ((بە مانایەکی ورد

سەرپێچیکردنی دەقە لە یاسایەک لە یاساکانی ڕێزمان چ یاسای تاک، یان کۆ... هتد، بە واتایەکی فراوانتر، لە دەرچوونی ئاخێوەر لە ئاخاوتنی ئاسایی خەڵک بە دیاردەکەوێت و جیاواز دەبێت لە ڕێکخستنی وشەکان لە ڕستەدا، یان لە لۆجیکی پێکهاتی واتادا... هتد)). ( منذر عیاشي: ٢٠٠٩: ٩٥) هەروەها (محەمەد مەعروف)، داهێنان لە لاداندا دەبینێتەوە، بۆیە دەڵێت: ((داهێنان لەوانەیە زۆرجار لەگەڵ ناوازەیی (شذوذ) تێکەڵ بێت و بەناو یەکتردا بچن بە جۆرێک کە لەیەکتری جیانەکرێنەوە و هەردووکیان بێ جیاوازێکی ئەوتۆ وەک هەڵەی ڕێنووسی و لادان لە ڕێزمان و تێکەڵکردنی واتا و وشە سەیربکرێن، واتە داهێنان یەکسان بوەستێ لەگەڵ هەڵەی زمان لەهەر ئاستێکدا بێت (فۆنۆلۆژی، ڕستەسازی... هتد)، ئەمە ڕاستییەکە نکۆڵی لێناکرێت؛ بۆئەوەی لە ڕەسەنایەتییەوە بگەینە داهێنان دەبێ زۆر بەوردی هەڵەی ڕێزمانی و واتایی و فۆنۆلۆجی لە "لادان" و "بەزاندن"ی یاسا زمانییەکان جیابکەینەوە)). (محەمەد مەعروف:٢٠١٠ : ٤٠٤) هەروەها (محەمەد مەعروف) کاتێک هەڵەی زمانی بە داهێنان دادەنێت؛ ئەگەر هاتوو بەمەبەست هەڵە زمانییەکە لە هەر ئاستێکدا ئەنجامدرابێت. کەواتە لادان بریتییە لە؛ ((لەو ڕێگایانەی کە نووسەران و شاعیران پەنای بۆ دەبەن بۆ دەربڕینی ئەو بیر و هەست و سۆزانەی خۆیان بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش، کە لە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا نییە. ئەمەش بە کۆمەڵێک ڕێگا و شکاندنی یاسا و دەستوورەکانی زمان لە گشت ئاستە جۆراوجۆرەکان دەکرێت)). (سافیە محەمەد: ٢٠١٣: ١٩) یان بەکورتی لادان بریتییە لە (لادان لە یاساکانی زمانی خۆکار). (دلێر سادق: ٢٠٠٩: ٢٨) کەواتە لە دەرئەنجامی ئەو ناساندنانەی سەرەوەدا بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لادان بریتییە لە بەزاندنی یاسا لە هەر ئاستێک لە ئاستەکانی زمان، بەڵام ئەم بەزاندنە لە چوارچێوەیەکدا لە هەر ئاستێکدا ڕێکدەخرێت، کە ئەمەش سەرەنجام داهێنان دێنێتە کایەوە، بە شێوەیەک کە پێشتر پێشبینینەکراوە. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت لادانیش سنووری خۆی هەیە، هەروەک لیچ پێیوایە ((لادان دەبێ تا ئەو ئاستە ڕێگەی پێ

بدرێت، کە پەیوەندی نێوان بنێر و وەرگر نەپچڕێنێ)). ( عەبدولخالق یەعقووبی: ٢٠٠٥: ٢٨) هەروەها (((لیوسپیتزەر) لادانی کردە بناغە و پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیی شێوازی، کە ئەمە هەروەها دەبێتە هۆیەک بۆ خەملاندنی قووڵی و چڕیی شێوازەکان و پلەی سەرکەوتنیان، چونکە هەموو شێوازێک شێواز نییە و شتێکی نوێ پێشکەش ناکات، تا بەهۆیەکی کاریگەر و سەرکەوتن بژمێردرێت، بەڵام گرنگی بە شێوازە ناوازە و تایبەتییەکان دەدرێت، ئەوانەی بەری لادانێکی هونەری جوان و سەرنجڕاکێشن، چونکە ئەمانە دەتوانن کاریگەری دروستبکەن و دەقی داهێنانی بەرهەمبهێنن)). (ئیدریس عەبدوڵلا: ٢٠١٠: ٣٢-٣٣) ئەگەر وردبینەوە لەم ڕۆژگارەی ئێستا گرنگیی زۆر بە شێواز دەدرێت، کە ئەویش بەزۆری لە ئەنجامی لادانێکی بە مەبەستەوە دروستدەبێت و دەرئەنجام داهێنان دروستدەکات، هەروەها دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە لادان ((بەو تایبەتمەندییە جیادەکرێتەوە کە لە زمانی ئاسایی و یاسایی دەردەچێت و نەگۆڕیی زمان و سیستەمی چەسپیو دەشکێنێت. بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی دەسەڵاتی زمان و توانستی تەواوی زمان بە ئەنجام دەگات)). (ئازاد ئەحمەد: ٢٠١٢: ١٢٢). بۆیە بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەدا بەهۆی زۆربوونی چەمکەکان لادان بە پێویستییەکی ژیان دادەنرێت. هەروەک (هۆلم) دەڵێت ((دەرچوون و لادان لە زمانی باو کارێکی پێویستە)). (یاکوب کورک:١٩٨٩: ٧٢)

## ٢-٢) جۆرەکانی لادان لە نوکتەی کوردیدا

لێرەدا پێش ئەوەی بەکورتی لادان لە بنەماکانی هاریکاری بخەینەڕوو، بەکورتی جۆرەکانی لادانی (دەنگی، وشەیی، ڕێزمانی، زار و زمان، واتایی)، لە نوکتەی کوردیدا دەخرێنەڕوو.

### ٢-٢-١) لادانی دەنگی

لادانی دەنگی کاتێک دروستدەبێت، کە ئاخێوەر لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان لادەدات، وەک: ((وێکچواندنی دەنگ، تێچوونی (سوان)ی دەنگ، پەیدابوونی (هاتنەناوەوە)ی دەنگ، دەنگگۆڕکێ، جێگۆڕکێی دەنگ، گونجان و نەگونجانی دەنگ)). (دولبەر ئیبراهیم: ٢٠٠٠: ٥٠). هەرچەندە پێمان وایە گونجان و نەگونجانی دەنگ ( Assimilation, Dissimilation) هەر هەمان ئەو یاسایەیە کە (دولبەر ئیبراهیم) بە وێکچواندنی دەنگ (Assimilation) ناوی بردووە. بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانی دەنگی لە هەر یاسایەک لە یاساکاندا نابێت گۆڕانی واتایی دروستبکات، ئەگەر گۆڕانی واتایی دروستکرد ئەوکات دەبێت بە لادانی دەنگی. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین:-

((پێشمەرگەکانی تیپی (٢١)ی کەرکوک لەسەرووی ناحیەی شوان کەمینێک دادەنێن. شەش جاشی چەکدار بە دیل دەگرن. دەیانبەن بۆ لای مام ڕۆستەم. ئەو زۆر بە هێمنی لێیان دەپرسێت خەڵکی کوێن؟ یەکێکیان زۆر لە مام ڕۆستەم دەترسێت و دەمی تەتەڵەی دەکرد، لەبری ئەوەی بڵێ خەڵکی شێخ بزێنم، گوتی: خەڵکی شێخ بزنم)). (ئازاد سابیر(ب١): ٢٠١٢: ٧٠-٧١) لێرەدا بەهۆی سوانی (تێچوون)ی دەنگی /ێ/ واتای وشەکە بەتەواوی لە (بزێن)ەوە بۆ (بزن) گۆڕاوە. دەرئەنجام لادانی دەنگی دروستکردووە و واتای وشەکەی گۆڕیوە.

((دوو هەتیوبازی خەڵکی سولەیمانی لە گەڕەکەیان مێردمناڵێکی جوان دەبێ، هەرچەند هەوڵدەدەن بەدڕەوشتی لەگەڵدا بکەن بۆیان جۆر نابێت. کە لە ڕێگاوبان تووشی دەبن، تانەی لێدەدەن، هەڕەشەی لێدەکەن و لێی مۆڕدەبنەوە و شەڕی پێ دەفرۆشن، ئەویش هیچ دەنگ ناکات و دان بەخۆیدا دەگرێت. ساڵێک تێدەپەڕێ، ئەمجار ئەم لێیان مۆڕ دەبێتەوە. یەکێک لە هەتیوبازەکان زمانی باش هەندێ وشە و پیت دەرنابڕێ. (س)ی

دەکرد بە (ش)، (ز)ی دەکرد بە (ژ). ئەحەپەسێ و بە هاوەڵەکەی دەڵێت: هەتیو شەیرکە... شەیرکە ئەم حیژە پار ئێمە خێشەمان لێدەکرد، کەچی ئەمشاڵ ئەو خێشە لە ئێمە دەکات)). (ڕەسول دەرویێش: ٢٠٠٩: ١٣٣) لە نوکتەی کوردیدا ئەم حاڵەتە بەزۆری لەو کاتانەدا ڕوودەدات، کاتێک یەکێک دەشڵەژێت یان دەترسێت یان مەستە یان فسەزمانە، دەرئەنجام دەبێتە هۆی دروستکردنی ئەم جۆرە نوکتەیە.

**٢-٢-٢) لادانی وشەیی (لێکسیکی)**

ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە ئاخێوەر دەبێت لەو یاسایانە لابدات، کە لە زمانەکەدا بۆ دروستکردنی وشەی نوێ هەیە. هەندێکجاریش لادانەکە لەوەدایە کە یاسایەکی وشەڕۆنان دەگشتێنرێت؛ واتە شێوەیەکی بڵاوتری دەدرێتێ و بەسەر وشەدا پیادە دەکرێت کە لەمەوپێش لە سنووری ئەو ئاستەدا نەبووە. وەک بەکارهێنانی پاشگری (باز) لەگەڵ وشەیەکدا کە پێشتر لەگەڵیدا بەکارنەهاتووە، وەک (دۆستباز، پارەباز). ( محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٤١٠–٤١١) ئەم جۆرە لادانە لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری، نوکتەی شاخ، گەپنامەی مێرگوڵان) نەبینرا.

**٢-٢-٣) لادانی ڕێزمانی**

دەبێت لە نووسیندا بە یاسا ڕێزمانییەکان پابەندبین، بەڵام لە قسەکردنی ڕۆژانەدا هەندێکجار لادانی ڕێزمانی هەستی پێدەکرێت. ئەمەش کاتێک دێتەکایەوە کە بەزاندنی یاساکانی ڕێزمان ئاستی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە نەک ئاستی ناوەوە. لادان لە ئاستی دەرەوەدا ڕووکەش و تەنکە و پەیوەندی بە ڕووخسارەوە هەیە، و کار لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە ناکات و لەم ڕووەوە لە هەڵەی ڕێزمانی دەچن، هەروەها گۆڕینی شوێنی دەرخەر و دەرخراویش دەگرێتەوە. (محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٤١٢) ((کاک ئەنوەر پێشمەرگەی دێرین گوتی: شەو درەنگ بوو گەشتینە گوندی

کانی مانگا لەناوپارێز. ڕابەرە سیاسەکەمان گوتی: کوڕینە بەم شەوە درەنگە بۆ لە دەرگای ماڵان بدەین؟ با تێکڕا بچین بۆ ناو مزگەوتەکە و ئاگری لێدەکەینەوە و دەخەوین. هەمووان بە قسەمان کرد و چووین لە مزگەوت ڕاکشاین. سەر لە بەیانی مەلا بۆ مزگەوت دێت بۆ بانگدان. یەکێ لە پێشمەرگەکان تێیخوڕی و گوتی: زەلام تۆ کێیت؟ مەلایش شڵەژا و گوتی: من مەلا مانگای کانی ئەحمەدم)). ( ئازاد سابیر(ب١): ٢٠١٢: ١٦-١٧) لێرەدا ئاڵوگۆڕ لە شوێنەکانی دیارخراو و دیارخەرەکان کراوە. خۆی لە بنەڕەتدا (مەلا ئەحمەدی کانی مانگا)یە، (دیارخەر+ دیارخراو+ دیارخەر+ دیارخەر)، بەڵام لادانەکە بەم شێوەیەی لێدەکات؛ (دیارخەر+ دیارخەر+ دیارخەر+ دیارخراو)، ئەمەش دەبێتە لادانی ڕێزمانی، دەرئەنجام دەبێتە هۆی دروستکردنی نوکتەکە.

**٢-٢-٤) لادان لە زار و زمان**

لە نوکتەی ئێستای کوردیدا زیاتر لادانەکە خۆی لادان لە زمانەکەدا دەبینێتەوە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بازدەدات، هەرچەندە لە نوکتەکاندا لادانیش لە زارێکەوە بۆ زارێکی دیکە دەبینرێت. (( (ع. ح) ئاغا لە مونەزەمەی بەعس لە قەڵادزێ بۆ کارێک بانگی دەکەن. کە دەچێتە ژووری بەرپرسەکە و دەبینێ کۆمەڵێک بەعسی لێیە. هەموویان قۆندەرەیان لە پێدایە. ئەمیش کڵاشی هەورامی لە پێدا دەبێت. لەپڕ دەداتە قاقای پێکەنین... کە شارەزای دەبێت و کەمێکیش کوردی دەزانێت، دەڵێت: ها کاکە عەلی بەچی پێدەکەنی؟ دەڵێت: کلکم قندرة... بس ئانی کڵاش))[٦]. ( ڕەسوڵ دەروێش: ٢٠٠٩: ٩٥) لێرەدا لادانەکە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبییە، کاتێک لەجیاتی بڵێت (هەمووتان قۆندەرەتان لە پێیە، بەس من کڵاش) دەڵێت (کلکم قندرة و بس ئانی کلاش)، هەر ئەمەش نوکتەکەی دروستکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لادان لە زار و زمان زیاتر لە شیعردا دەبینرێت، وەک (محەمەد مەعروف) دەڵێت (شاعیر بە

پێچەوانەی ڕۆماننووس و نووسەر کە دەبێ بەزۆری لە سنووری زمانی ئەدەبیدا بنووسێت، دەتوانێت خۆی بە زارێکەوە یان زمانێکەوە نەبەستێتەوە و لە زارێک یان زمانێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بازبدات)). (محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٤١٣) ((عەلی شامار یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان خەڵکی خانەقین بوو و ماڵیشی لە شاخ بوو، بریندار دەبێت. خۆشەویستی ناو پێشمەرگە بوو. خۆڕاگربوو. کۆمەڵێک لە پێشمەرگە سەردانیان کرد. خانەقینییەکان بە خوێ دەڵێن خوا. دانیشتبوون میوە و خەیار و شەکرەسێویان دەخوارد. خێزانەکەی بە کچەکەی دەڵێت: کچم بچو خواکە بارە (بڕۆ خوێیەکە بهێنە). میوانەکان دەڵێت: استغفرالله استغفرالله)). ( ئازاد سابیر (ب٢): ٢٠١٢: ٩٩) لێرەدا (خواکە) لادان لە شێوەزارەکە نوکتەکەی دروستکردووە؛ کە لە ناوچەی خانەقین و دەوروبەری بە (خوێ) دەڵێن؛ (خوا).

### ٢-٢-٥) لادانی واتایی

لادانی واتایی شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن، پەیوەندییەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، دوو جۆرە کۆت و بەندی واتایی لە ئارادا هەیە، کە لادان لێیان دەبێتە هۆی ناوێزەیی لە واتادا: کۆت و بەندی هەڵبژاردن، کۆت و بەندی هاوڕێیەتی). (محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٤١٨-٤١٩) لە نوکتەی کوردیدا لادان لە کۆتی هەڵبژاردن زیاتر لەو نوکتانەدا بەرجەستە دەبێت کە لەسەر زاری درۆزنەکان یان قۆشمەچییەکان دەگوترێن، وەک: ((دوو کابرای هاوڕێ قسەیان کردبوو بەیەک کە چوونە هەر شوێنێک یەکێکیان درۆ-بکات و ئەوەی دیکەیان پینەی بکات، ئەمەیان کردبوو بە سەرمایەی ژیان و بەڕێوەچوونیان. ڕۆژێک لە دیوەخانێکدا دانیشتبوون، درۆزنەکە گوتی: ئەرێ کوڕینە! من ئیمڕۆ گوێم لێبوو سەگێک لە ئاسمانەوە دەیقوڕاند نەمزانی چی بوو؟ ئەوی دیکەشیان گوتی: چ قەیدی هەیە! بەڵکو توتەلە

سەگ بووبێت و قەلەڕەش بردبێتی بە ئاسمان دا! کە لە دیوەخانەکە هاتنەدەرەوە پینەکەرەکە بە درۆزنەکەی گوت: ماڵ کاول! تۆ درۆی عەرز بکە، هی ئاسمانم بۆ پینەناکرێت!)). ( عەلادین سوجادی (ب٦): ٢٠٠٥ : ٢٠١) لێرەدا لادانەکە لە کۆتی هەڵبژردندا ڕوودەدات، بەوەی کە دەبێت (بکەر+ لەسەر زەوییەوە+ کار)، (بکەر+ شتێکی بچووک (پوش)+ بەرکاری بەیاریدە+ کار)بێت، بەڵام لێرەدا لە نوکتەکەدا ئەمانە پێچەوانەن؛ وەک (بکەر+ لەئاسمانەوە+ کار)، (بکەر+ توتەلەسەگ+ بەئاسماندا+ برد)ەوەن. بۆ لادان لە کۆتی هاوڕێیەتیش، با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((کۆمەڵێک پێشمەرگە، لەپاش نەبەردییێکی قارەمانانەدا بۆ سەر چەند ڕەبایەکی سوپای ڕژێمی بەعس لە شارەزوور لە ساڵی ١٩٨١دا شەو ناچار دەبن بچنە ئەشکەوتێکی چیای سوورێن بۆ حەوانەوە. ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە. هەموویان پاڵی لێدەدەنەوە بخەون، یەکێکیان نەبێت هەر لە هاتوچۆدا دەبێت. هاوەڵێکی پێی دەڵێت: کاکە ئەوە لەچی دەگەڕێی؟ بۆ پاڵ ناکەویت؟. ئەویش دەڵێت: زۆر خەوم دێت بۆ بەردێکی نەرم دەگەڕێم بیخەمە ژێر سەرم)). (ڕەسوڵ دەروێش: ٢٠٠٩:١٦٠) لێرەدا لادان لە کۆتی هاوڕێیەتیدا هەیە، چونکە بەرد هاوڕێی ڕەقە نەک نەرم. دەبێت ئەوەش بزانین کە ((هاوڕێیەتی نادروست، میتافۆڕ دێنێتەکایەوە)). (باباڕەسوڵ نوری: ٢٠١٣: ٦٤)

**٢-٣) لادان لە بنەماکانی هاریکاری**

گرنگیی بنەماکانی هاریکاری تەنیا لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە پەیڕەودەکرێن، بەڵکو زۆرجار بایەخ و گرنگیی بنەماکانی هاریکاری لە بەزاندنیان دەبینێتەوە. بۆیە زۆرجار گوتنەکان واتای زیاتر دەبەخشن لەوەی کە لە ڕێگەی کەرەسە فەرهەنگییەکانەوە دەریدەبڕن. هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کە ((ئەم بنەمایانەی پرۆسەی ئاخاوتن وەک بنەما کلتووری و ئاینییەکان نین کە لادان یان پێشلکردنیان ببێتە هۆی سزا و

کەشێکی نالەبار دروستبکات، تەنانەت لادان لەم بنەمایانە وەک یاسا ڕێزمانییەکانیش نین کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی ڕستەی ناڕێزمانی و لە لای گوێگرەوە قبوڵناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لادان لەم بنەمایانە لەبری ئەوەی پرۆسەی ئاخاوتن بەرەو تێکدان و تەمومژی ببات، دەبێتە هۆی داهێنان و جوانکاری). (سروە فەیسەڵ: ٢٠١٠: ٥٤-٥٥) هەر بۆیە دەبینین لادان لە نوکتەدا نەک نوکتەکە بێهێز دەکات، بەڵکو لادان لە بنەماکان پشتی پێ دەبەستریت بۆ بەدەستهێنانی مەبەستە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکان. (Attardo:١٩٩٤: ٢٨٧). هەر بۆیە فرۆید جەخت لەوە دەکاتەوە کە ((گۆڕین و لادان کرۆکی نوکتە پێکدەهێنن، ئەویش بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە ڕێچکەی بیرکردنەوەدا ڕوودەدات)). (شاکر عبدالحمید: ٢٠٠٣: ١٣٥) کەواتە لە لادانەوە نوکتە دروستدەبێت، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مەبەستی ئاخێوەر، تا بتوانێت ئامانجەکەی خۆی بپێکێت، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانرێت کە سەرەتای دروستبوونی هەندێک نوکتە لەوانەیە بێمەبەست بووبێت، بەڵام گێڕانەوەی جارێکی دیکەی نوکتەکە لە کاتی گفتوگۆدا بۆ مەبەستێک دەبێت، کە ئاخێوەر دەیەوێت بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بیگێنێتە گوێگر. بۆیە بەگشتی لە نوکتەدا لادان لە بنەماکان بۆ قۆزتنەوە و هەڵخەڵەتاندنە لە پێشبینییەکانی گوێگر، ئەمەش بەپێی یاسای سیستەمی بنەماکانە. (٢٩٢ :Attardo:١٩٩٤)). ئەمەش زۆرجار لە نوکتەدا بۆئەوە دەبێت، کە ئاخێوەر دەیەوێت مەبەست و ئامانجی دیکە لەپاڵ گوتنەکانییەوە جێبەجێبکات، وەک؛ گاڵتەپێکردن، نارەزایی دەربڕین، داواکردن، ڕەخنەگرتن... هتد، واتە بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی گێڕانەوەی نوکتەدا، ئاخێوەر تەنیا گرنگی بە مەبەستی خۆی دەدات نەک بە ئامانجی گشتیی گفتوگۆکە کە پەیوەندیکردنە لە نێوان ئاخێوەر و گوێگر، هەر ئەمەش لە کاتی گفتوگۆکەدا دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان گفتوگۆ و نوکتەدا، بۆیە کاتێک ئاخێوەر لە گوتنەکەیدا بە ویستی خۆی لە یەکێک لە بنەماکانی هاریکاری لادەدات لێکەوتەی مەبەستدار سەرهەڵدەدات. هەروەها دەبێت


ئەوەش بزانین کە دەکرێت لە نوکتەیەکدا لە یەککاتدا لە چەند بنەمایەک لابدرێت. بە شێوەیەکی گشتی لادان ئەگەر بێمەبەست و لەڕووی نەزانینەوە بێت، ئەوا ناچێتە نێو بابەتی لادان و داهێنان، بەڵام کاتێک لادان بە مەبەست و لەڕووی زانینەوە بێت، ئەوا دەچێتە نێو بابەتی لادان و داهێنان. بۆیە لادان لە نوکتە لەڕووی زانین و مەبەستەوەیە، چونکە بەهۆی ئەمەوە نوکتەکە دروستدەبێت. لادان لە بنەماکانی هاریکاری بە پێی تیۆری گرایس لە نوکتەدا، بەکورتی دەیانخەینەڕوو؛ بۆچونی گرایس لە بارەی بنەماکانی ئاخاوتن و لادان لە بنەماکان لە زمانی کوردیدا نامۆنییە. کاری زۆر لەبارەیەوە کراوە. بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانین بە وردی باسی لایەنی تیۆرییەکە بکەین، تەنیا بۆ پێویستی توێژینەوەکە جۆرەکانی بە کورتی دەخەینەڕوو. کە بریتین لە: (لادان لە بنەمای چەندێتی؛ کە کورتکردنەوە و درێژکردنەوە دەگریتەوە، و لادان لە بنەمای چۆنیەتی؛ کە گاڵتەپێکردن و توانجلێدان، میتافۆر، دژیەکبوون، زیادەڕۆیی دەگرێتەوە، و لادان لە بنەمای پەیوەندی و لادان لە بنەمای شێواز؛ کە تەمومژ و درێژدادڕی و پاش و پێشکردن و لێڵی (ناڕوونی) دەگرێتەوە).

**٢-٤) ئامار و لادانی بنەماکان لە نوکتەکانی (نوکتەی شاخ)دا**

لە دوای دەستنیشانکردن و ڕوونکردنەوەی بنەماکان وەک لایەنی کارەکی کتێبی (نوکتەکانی شاخ) کە تایبەتە بە نوکتە، دەکەینە کەرەستەی خاوی توێژینەوەکەمان، لەبەرئەوەی لە لایەکەوە نوکتەکان ڕووداوی (واقع)ین لە کۆمەڵگەی کوردی ڕوویانداوە و دوورن لەو نوکتانەی کە سنووری نەتەوە و زمانەکان دەبڕن و وەک وەرگیران خۆیان نمایشدەکەن. لە لایەکی تریشەوە زمانی نوکتەکانیش وەک ناوەڕۆکی نوکتەکان هەڵقوڵاوی زمانی کوردییە و کەمتر کاریگەریی وەرگێڕانی پێوە دیارە. لە نوکتەکانی (نوکتەی شاخ)دا؛ لە کۆی (٥٨٣)، (٥٠) نوکتە کە بەشێوەی هەڕەمەکیی ڕێکخراو وەرگیراوە؛ لە دوای شیکردنەوەی ئەو

پەنجا نوکتەیە ژمارەی لادانەکان بەم شیوەیە دەردەچێت. (٥٧) لادان لە بنەمای چۆنیەتی[٧] و (١١) لادان لە بنەمای شێواز و (٨) لادان لە بنەمای پەیوەندی و (٣) لادان لە بنەمای چەندێتی بە دەستهات[٨]، و ئەنجامەکەش بەشێوەی ڕێژەی سەدی، بەم شێوە هێڵکارییەی خوارەوە دەرچوو:

لادان لە نوکتەکانی (نوکتەی شاخ)دا




بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە لە نوکتەکانی (نوکتەی شاخ)دا بەدەستهات، ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، کە لادان لە بنەمای چۆنیەتی ڕێژەیەکی سەرسوڕمانی تۆمارکردووە، هەروەها ڕێژەیەکی کەم لە لادان لە بنەمای پەیوەندی و شێوازدا هەیە، جگە لەوەی لادان لە بنەمای چەندێتی ڕێژەکەی یەکجار کەمە.

**٣)ئەنجام**

چەند ئەنجامێک لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیە بە دەستهاتوون:

١- ڕۆنانی نوکتەی واتایی لە دوو بیرۆکەی پێچەوانەی یەکتر پێکدێت؛ بە جۆرێک بیرۆکەی یەکەم بریتییە لە پێشبینیکردن و بیرۆکەی دووەم بریتییە لە وەڵامێکی چاوەڕواننەکراو.

٢- هەندێک لە نوکتەکان لە ڕێگەی لادانی زمانی؛ وەک (لادانی دەنگی و ڕێزمانی و زار و زمان و واتایی) دروستدەبن، بەڵام بەپێی کەرەسەی توێژینەوەکە لادانی وشەیی لە نوکتەی کوردیدا نابینرێت، بەڵکو لە کایەکانی دیکەی ئەدەبدا دەبینرێت.

٣- لە ئەنجامی خوێندنەوەی نوکتەکاندا هەست بەوە دەکەین، کە بە شێوەیەکی گشتی لەناو کورددا نوکتەی سێکسی و سیاسی باوی زیاتری هەیە، هەرچەندە لە پێشتردا نوکتەی کۆمەڵایەتیش باوی هەبووە.

٤- نوکتە لە ئەنجامی لادانی زمانی دروستدەبێت، بەڵام لادان لە بنەماکانی هاریکاری لە نوکتەی کوردیدا بە پلەی یەکەم دێت؛ بە جۆرێک لە نوکتەکانی (نوکتەی شاخ)دا، لادان لە بنەمای چۆنیەتی ڕێژەیەکی سەرسوڕمانی تۆمارکردووە، بە جۆرێک ڕێژەکەی ١١٤%یە و لادان لە بنەمای چەندێتی کەمترین ڕێژەی تۆمارکردووە، بەجۆرێک ڕێژەکەی ٦%یە.

## پەراوێزەکان:

١- بۆ لێکدانەوەی واتاکەی لە زمانی عەرەبیدا بڕوانە (بيان الحد بين الهزل والجد) بوعلي ياسين، ل ٣٦-٣٧).

٢- (بوعلي ياسين)یش لەم سەرچاوەیەی وەرگرتووە: حول النكتة، دار الجامعة، كونستانس، ١٩٧٠، نقلا عن: النكتة نصوص دراسية، اعداده، ليكسفيلد، دار ركلام، شتوتغارت ١٩٧٨، ص٣١-٣٢.

٣- وەک: هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، دلێر سادق کانەبی و لادان لە شیعری (لەتیف هەڵمەتدا)، ناز ئەحمەد سەعید و لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، سافیە محمەد ئەحمەد... هتد.

٤- بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە زاراوەی لادان بڕوانە (شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، نامەی ماستەر، ٢٠٠٧، ل٢٧). یان (لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، سافیە محەمەد ئەحمەد، نامەی دکتۆرا، ٢٠١٣، ل١٠-١٢).

٥- لەم نوکتەیەدا لەدوای (لەپڕ دەداتە قاقای پێکەنین)، ڕستەیەک لە نوکتەکە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، پچڕاوە.

٦- لێرەدا لەبەر دەرنەچوون لە قەبارەی چوارچێوەی توێژینەوەکەماندا، باسی بنەمای هاریکاری و پەیڕەوکردن و لادان لە بنەماکان ناکەین، بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بنەمای هاریکاری و پەیڕەوکردنی بنەما وردەکانی بڕوانە؛ ١- شیکردنەوەی نوکتەی کوردی بەپێی بنەمای هاریکاری، هێرش چەتۆ، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، ٢٠١٦. و ٢- بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، سروە فەیسەڵ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠١٠).

٧- لادان لە بنەمای چۆنییەتیش بە چەند شێوەیەک (گاڵتەپێکردن و توانجلێدان، میتافۆر، دژیەکبوون، زیادەڕۆیی) دەبێت؛ بۆیە دەکرێت لە

نوکتەیەکدا دوو لادان لە بنەمای چۆنییەتی هەبێت، بۆیە لە کۆی (٥٠) نوکتەدا (٥٧) لادان لە بنەمای چۆنییەتی بە دەستهاتووە.

٨- بەهۆی سنووورداری ژمارەی لاپەڕەکانی توێژینەوە؛ نەمانتوانی خشتەی شیکردنەوەی ئەو پەنجا نوکتەیە لێرەدا بخەینەڕوو. ئەگەرنا بە پەسەندمان دەزانـــی کە نوکتەکـــان و هەمـــوو خشـــتەکانیش لە تـــوێژینەوەکە نمـــایش بکرابووایە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


_ ئەحمەد، سافیە محەمەد (٢٠١٣)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

_ دەروێش، ڕەسوڵ (٢٠٠٩)، گەپنامەی مێرگوڵان، ب (١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

_ ڕەسوڵ، باباڕەسوڵ (٢٠١٣)، شیکردنەوەی دەق نوکتە بە نموونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، کۆیە.

_ سوجادی، عەلادین (٢٠٠٧)، ڕشتەی مرواری، ب(١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

_ سوجادی، عەلادین (٢٠٠٥)، ڕشتەی مرواری، ب(٦)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

_ سابیر، ئازاد (٢٠١٢)، نوکتەی شاخ، ب (٢،١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

_ شێخانی، عەبدولوەهاب (٢٠٠٩)، فەرهەنگی شێخانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

_ عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠١٤)، ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆری، بەرگی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠١٠)، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

_ عەزیز، سروە فەیسەڵ (٢٠١٠)، بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.

ـ فەرەج شاڵی، دولبەر ئیبراهیم (٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.
ـ فەتاح، محمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسین خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ـ قەزاز، شەفیق (٢٠٠٠)، فەرهەنگی شارەزوور (کوردی- ئینگلیزی)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
ـ کانەبی، دلێر سادق (٢٠٠٩)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، نامەی ماستەر، چاپکردنی: چاپخانەی خانی، دهۆک.
ـ مەردۆخی کوردستان، موحەمەد (٢٠٠٩)، فەرهەنگی مەردۆخ، ل. ئا. (ڕەئووف ڕەهنموون)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، خانەی بڵاوکردنەوەی پڕتەوبەیان، سنە.
ـ مەحموود، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٢)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
ـ موکریانی، هەژار (١٩٩٠)، هەنبانەبۆرینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سروش، تاران.
ـ موکریانی، گیو (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
ـ نالی، (١٩٨٥)، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم و فاتح عەبدولکەریم)، چاپی دووەم، چاپخانەی سیهر، تاران.
ـ یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٠٥)، دەنگی بلورینی دەق، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

_ رفعت، سعد (٢٠٠٩)، نكتx نكت، ط١، اليقين للنشر والتوزيع، مصر.
_ عبدالحميد، شاكر (٢٠٠٣)، الفكاهةوالضحك، عالم المعرفة (٢٨٩)، مطابع السياسة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.
_ عياشي، د. منذر (٢٠٠٩)، الأسلوبية و تحليل الخطاب، مركز الأنماء الحضاري، دمشق، سوريا.
_ كورك، ياكوب (١٩٨٩)، اللغة في الأدب الحديث، ت: ليون يوسف و عزيز عمانوئيل، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد.
_ ياسين، بوعلى (١٩٩٦)، بيان الحد بين الهزل والجد، ط١، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

_ Attardo.S (1994), Linguistic theories of humor, printing: Gerike GmbH, Berlin.
_ Berger, A.A (1993), An Anatomy of humor, New Brunswick: transaction publishers.
_ Roeckelein, E,J (2002), psychology of humor, a reference guide and annotated bibliography, London: Greenwood press.

**الملخص:**

الدراسة بعنوان ( الانحراف اللغوي في النكات كردية_ النكات "*نوكتەی شاخ*" مثلا) محاولة لتحليل النكتة. من حيث التعرف على النكتة وتحليلها ، وتحديد سبب تأثيرها على المتلقي. ويرجع ذلك إلى مبدأ التركيز على تكوين الكلمات والتلاعب بالكلمات والأصوات وترتيب مختلف لمكونات الجملة. كما تفترض الدراسة أن السمة الرئيسية للنكتة هي والانحراف، سواء كان الانحراف منطقيا أو لغويا. نظرت هذه الدراسة فقط في الآثار اللغوية وفحصتها. تحقيقا لهذه الغاية ، على مبدأ التعاون الذي هو نظرية غرايس مفتوحة لمعيار تحديد مستوى الانحرافات اللغوية ، من خلال نهج ذي شقين في استخدام المعاني الحرفية والمجازية والتلاعب بالكلمات. وقد استفادت حدود الدراسة من النقاط المستمدة من الثقافة والمجتمع الكردي. واختار البحث نماذج من النكت (ڕشتەی مروای و نوکەتی شاخ و گەپنامەی مێرگوڵان) لإثبات الآثار اللغوية.

## Abstract

The study is under the title of ´´ Language Deviation in Kurdish Jokes (*Nuktey şax* as an instance) ´´, which attempts to analyze jokes, from its introduction and composition until discovering the reason of its effect that leaves on the receiver. This is due to the basis of concentration on composing compound words and adapting words, sounds as well as word order. The study assumes that the major characteristic feature of jokes is the deviation and transgression from the ordinary basis, whether it is logical or linguistic. This paper only concentrates on and examines the linguistic deviation. For this purpose, the study takes assistance bases and Grice theory as the measurement to discover the rate of linguistic deviations and how they occur through the two-sided basis in using denotative and connotative meaning and playing with words. The scope of the research work examines the jokes that derive from Kurdish culture and society. In addition, jokes from (*Ȓştey mirwarî, Nuktey şax and Gepnamey mêrguĺan*) have been chosen to prove the linguistic deviations.